# زیردوو

**بەرزان هەستیار**
1999/1/15
**نورنبێرگ**

**هەموو شووشە بەتاڵەکانی غەریبییمان**
**لەسەر مێزی بیرکردنەوە لە"هیچ"،**
**وردبوونەوە لە" تارمایی"،ڕیز کردووە**
**هەتا دوا سنووری مەست بوون**
**شکستییمان هەڵقوڕاندو**
**بەختەوەرییمان هەڵهێنایەوە**
**بەختەوەریی پێش ئەو ڕۆژەی**
**براکانیان بەکوشت داین تا،سوێندی درۆ**
**بە خاکی مەزاریان بخۆن**
**بەختەوەریی بەر لە جێهێشتنی قاچمان**
**لە دووڕیانی شەڕو شەڕا**
**بەر لە چاو بە خوێن ڕشتن و**
**بەر لە دڵ لە مس گرتنمان؛**
**غەریبیی تەواو،چەند بەد مەستین**
**شووشە بەتاڵەکان بەسەر ئەکەینەوە**
**بەو دەستانە دوا قومی غوربەت نۆش ئەکەین...**
**کە یەکتری ناناسنەوە**
**بەو لێوانەی بە نوکتەیەك پێ ئەکەنن**
**مردووشۆر بیگێڕێتەوە؛**
**هێی گۆڕهەڵکەن،ماندوو نەبیت**
**ئیدی وادەی ڕۆح دوورینەوە بەسەرچوو**
**وەرزی حەشاردان تێپەڕی**
**بمانبینە بەدوو قاچی ئیفلیجەوە**
**چۆن بەرەوخوار پیاسە ئەکەین**
**بەدوو چاوی پووچەڵەوە**

چۆن لەو کیژانە ئەڕوانین
کە بەبێ لێو بۆ ماچێ ئەپاڕێنەوە،
ئیدی بەمەرگی کێ، قوربان
جووتێ پێڵاو بۆ منداڵەکانت ئەکڕیت
کێ بە دوو بست جاوو مەترێ خاك و خۆڵی تۆ ڕازییە
هەموو کەرویێشکی دڵەکان بێ زیکە زیك
لەبەر چەقۆدا پاڵ کەوتوون
هەمو پشیلەی ڕۆحەکان
خڕکەبەرد شەکەتی کردوون
هێی گۆڕهەڵکەن،تو بی خودا
کە بتوانین بەم قالۆنچە پلیشاوەیەی دڵمانەوە
لە هەر گۆڕەپانێ بمرین
غەرییبی بە لێفە ساردەکەی دامان پۆشێ
چ کارێکمان بە تەنیایی گۆڕستانە؟؟

---

*زیردوو:وشەیەکی دروستکراوە لە دوو وشەی" زیندوو"و"مردوو".